## فەزڵ و پلەو پایەی دە ڕۆژی مانگی ( ذي الحجة )

### ئامادەکردنی
### مامۆستا : جمعة علي خورشيد

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**
www.ashtyk.com
**ژمارە ( ٨ )**

**چاپی دووەم**

**الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين وبعد :**

هەر لە فەزڵ و چاکەی پەروەردگارمان بۆ بەندە ساڵحەکانی وەرز و دەرفەت پێ بەخشینیان بۆ ئەوەی کردەوەی چاکە زۆر ئەنجام بدەن لەم کاتە گرنگانەدا.

### بەڵگە لەسەر پلەو پایەی ئەم دە ڕۆژە :

١- پەروەردگار ئەفەرموێت: ((والفجر وليال عشر)), ابن كثير- ئەفەرموێت: مەبەست دەی (ذي الحجة) یە هەروەك چۆن ابن عباس و ابن زبير و مجاهد و خەڵکانی تر ئەمە بۆ چونیانە. ئیمامی {البخاري}ش ریوایەتی کردووە.

٢-عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (ما من أيام العمل الصالح فيها أحب إلى الله من هذه الأيام . يعني أيام العشر . قالوا: يا رسول الله، ولا الجهاد في سبيل الله؟ قال: ولا الجهاد في سبيل الله، إلا رجل خرج بنفسه وماله ثم لم يرجع من ذلك بشيء) {رواه البخاري}.

ابن عباس-ڕەزای خوایان لێ بێت- فەرمووی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:{هیچ ڕۆژێك نییە کرداری چاك لای پەروەردگار خۆشەویست تر بێت وەك چاکە کاری لەم دە ڕۆژەدا} ووتیان: تەنانەت جیهادکردنیش لەڕێی خوادا. فەرمووی: {بەڵێ تەنانەت



جیهاد کردنیش لەڕێی خوادا}.مەگەر پیاوێك خۆی و ماڵی بروات .هیچی نەگەڕێتەوە , واتە: نەفس و ماڵی بەخت بکات بۆ خوا.

٣-پەروەردگار فەرمووی: ((ويذكروا اسم الله في ايام معلومات)).

ابن عباس فەرمووی: واتە دەرۆژی (ذي الحجة) وەك ابن كثير لێوەی ئەیگێڕێتەوە.

٤-عبداللە ی کوڕی عمر (ڕەزای خوایان لێبێت) فەرمووی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: هیچ ڕۆژێك نییە لای پەروەردگار لەم دە ڕۆژە گەورە تر بێت, هەروەها کرداری تێدا خۆشەویست تر بێت, وەك ئەم دە ڕۆژە, دەی ئێوە تێیدا بەزۆری: (لا اله الا الله و الله اكبر و الحمدالله ) بکەن. الطبراني

٥- سعیدی کوری جبیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) -کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی تابعین- ئەگەر (دە ڕۆژی) (ذي الحجة) دەستی پێ بکردایە ئەوەندە هەوڵی تێدا ئەدا تاوەکو بێ توانا ئەبوو. الدارمي

٦-ابن حجر لە (فتح) دا ئەفەرموێت: ئەوەی ئاشکرایە هۆی ئەم پلە و فەزڵەی ئەم دە ڕۆژە بەسەر ڕۆژەکانی تردا. لەبەر ئەوەی کە گرنگترین عیبادەتی تێدا کۆ دەبێتەوە, وەك نوێژ و ڕوژوو صەدەقە و حەج, کە جگە لەم ڕۆژانەدا نییە.